# بەهارێک بە لێوی پاییزەوە

غەریب پشدەری



پاییز نیشانەی غەمە
گەڵا ڕێزان و تەمە
وشکایی کانی و چەمە

پاییز مەرگی گوڵانە
تۆرانی بولبولانە
ساردبوونەوەی دڵانە

پاییز گڵکۆی سروشتە
دوور لە سەیران و گەشتە
ڕووزەردیی دەرودەشتە

پاییز هەناسەی واردە
هەڵدەگیرێن دیاردە
چۆڵ دەبن پەنا و پاردە

پاییز گڕەی هەتاوی
نامێنێ تین و تاوی
سڕ دەبێ وەک هەناوی

پاییز کۆچ و کۆچبارە
جێ هێشتنی هەوارە
عێلەسات بەرەو خوارە

پاییز سوارەی سەرزینە
خەریکی دابەزینە
دڵداری خاتوزینە

سەروەختی دابەزینێ
کە هاتە خوار لە زینێ
ئەو مەمەی خاتووزینێ

فرمێسکان هەڵدەڕێژێ
بۆ بەختی خۆی دەبێژێ
سەد هیوای کاڵ دەنێژێ

بەڵام لای من پیرۆزە
دەڵێی تازە نەورۆزە
مژدە هێنەری هۆزە

زیندووبوونەوەی ژینە
قاقایە و پێکەنینە
گوڕ و تەوژم و تینە

وردە بارانی پەڵە
بە هەرا و بە تەشقەڵە
وشەی فەرهەنگی هەڵە...

لە دڵان دەشواتەوە
دەروون ئاو دەداتەوە
زیزان ئاشت دەکاتەوە